www.kurdistannet.org

09/01/2002 21:49

**(شەریف)ی شاعیر و هەوڵێکی نوێ**

**دڵشاد خۆشناو/تاران**

کاتی کە باسی هەوڵێکی نوێی شاعیرێك دەکرێت،هەمومان بیر لەوە دەکەینەوە،ئاخۆ چ مانیڤێستێکی شیعری نوسی بێت و بلاّوی بکاتەوە، یا بلّێین تیۆری چ قوتابخانەیەکی شیعری نوێی دارشتوە و بانگێشەی بۆ دەکات

مامۆستا شەریف کاتی کە لەو باوەڕەدا بووە شیعر دەتوانێت پەیامێك بێت و تا ئەندازەیەك خزمەتی گەلەکەی پی بکات، ئەزمونی شیعری (ملوانکەی شین)و شیعرە بەناوبانگەکانی (کۆچی کوردان، و دایە گیان، و لەناو گولاّلّە تەنیا هەلاّلّە، و ..... هتد)، دەخولقێنێت و دایدەهێنێت.

بەلاّم ئێستا لە هەزارەی سێیەم،مامۆستا شەریف پێی وایە،پەیامی شیعر کۆتایی پی هاتووە و سەردەم سەردەمی خێرایی زانست و پێشکەوتنی زانستییە.هەر بۆیەش روی کردۆتە بواری کۆمپیوتەر، و چەند ساڵێکە لەو بوارە خۆی ماندوو دەکات، بەڵکو بتوانێت بە جۆرێکی تر خزمەتی گەلەکەی بکات. ئەو پێی وایە ئەرکی هەموو ئەندامێکی کۆمەڵگایە کە بە نوی بیربکاتەوە و، هەر بە هاوچەرخیش خزمەت بکات. خۆ ماندوو کردنیشی لەم بوارەدا بی بەرهەم نەبووە.ئەوەتا کارێکی کردوە تا ئێستا لە هیچ شوێنێك نەکراوە و تەنانەت هەوڵیشی بۆ نەدراوە.پەیوەندیەکی تەلەفۆنی ئەو وتووێژەی لی هاتە بەرهەم:-

- *شەریفی مهابادی یا سنەیی؟*

✓ بەڵی پێشتر مامۆستا مەحمود زامدار لە کتێبێکدا بە شەریف مهابادی ناوی بردووم و مەزهەری خالقیش بە شەریف سنەیی ناوم دەبات،لە کاتێکدا من شەریف کوردستانیم.ماوەی پانزە ساڵ لە مهاباد ژیام بۆیە وایان ناو هێناوم.

- *تۆ لە کوی و کۆمپیوتەر لە کوێ؟*

✓ رەنگە لای هەندی کەس سەیر بێت شاعیرێك دەست بخاتە هەندی کاری وەکو شوفێری یا دارتاشی یا هەر کارێکی تر.بەم شتە ئەوەم بیر کەوتەوە (کاتی خۆی کە لە مهاباد بووم دوکانێکی دارتاشیم هەبوو بەلاّم لە راستیدا } دار و شوعەرا { بوو. مام هێمن ئەو کاتە بە کاك (سەلاح )ی کوری گوتبوو ئەوە یەکەم شاعیرە کە ببینم کار دەکات. بە هەر حاڵ من چەند ساڵێك لەمەوبەر دەستم کردە فێر بوونی کۆمپیوتەر و یەکەمین مامۆستاشم دۆستێك بوو بە ناوی (جەواد محەممەدي).

- *چی وای لێکردی رووبکەیتە کۆمپیوتەر؟*

✓ من لە زۆر کۆڕ و کۆبونەوەدا ئەوەم گوتوە کە دەبی ئێمە هەریەکەو لە ماڵی خۆمان مامۆستای منداڵەکانمان بین بۆ فێر کردنی زمانی کوردی. لەم سەردەمەشدا کۆمپیوتەر بۆتە پێویستیەکی گرنگی ماڵ،جا کەواتە باشترین مامۆستای ماڵەکانمان کۆمپیوتەرە، بۆ ئەو مەبەستەش هاتووم بیرم لەوە کردۆتەوە کە چۆن بتوانم هەوڵ بدەم کۆمپیوتەر بکەمە کوردی.

- *مەبەستتان لە بە کوردی کردنی کۆمپیوتەر بە چ رێنوسێکە؟*

✓ سەبارەت بەو پرسیارە پێویستە کورتە مێژویەکی ڕێنوسی کوردی بزانین. ساڵی (١٨٧٤ ز) خوالێخۆشبوو سەعید عەبدوڵڵا موكري، كە نامەو نوسراوی زۆری لە پاش بەجی ماوە، هاتووە (فتحە)ی کردۆتە بزوێن( ە ). پێم وایە لەم بارەوە تا ئێستا تەنیا کاك محەمەد عەلی قەرەداغی لێکۆلینوەوەیەکی هەبووە. دوای خوالێخۆشبوو موكري، ڕۆح شادان مەلا محەممەد بایەزیدي، و سەعید کابان، و تۆفیق وەهبي، و بۆ منداڵانیش ئەمین باڵدار، ڕۆڵی گرنگ و بەرچاویان هەبووە لە دارشتنی ئەو ڕێنوسە. هەر بە هۆی زانستی بوونی ئەو ڕێنوسە و گونجانی لەگەڵ یاسای زانستی فۆنەتیك و فۆنۆلۆژي، ئێمە دەتوانین تەواوی قوتابخانەکانی ڕێنوس و ڕێزمان بخەینە سەر کۆمپیوتەر.

- ئەو کارەی جەنابتان کردوتانە چ کارێکە؟ و تا چ ئەندازەیەك تیایدا سەرکەوتوو بوون؟

من لە ڕاستیدا هەوڵم داوە بەرنامەیەکی (Kurdish word) دروست بکەم بە کوردي، بۆ ئەو مەبەستەش هاتووم هەندی کاری گرنگم کردوە. لەوانە:-

١. بە کوردی کردنی تەختە پیت واتە (Key board) بە شێوەیەك کە شوێنی پیتەکانم نەگۆڕیوە، ناویشم ناوە (Shareef keyboard).

٢. پاراستنی هەرسی فەرهەنگی (خاڵ و گیوی موکریانی و هەنبانە بۆرینە) تێیدا.

٣. هەڵەچنی ئۆتۆماتیکي:- واتە هەر کاتێك پیتچن هەر ووشەیەك هەڵە بکات کۆمپیوتەر خۆی ڕاستی دەکاتەوە، بۆ نمونە ئەگەر پیتچن لە جیاتی ووشەی (یاسا) بنوسی (سایا)، کۆمپیوتەرەکە خۆی ڕاستی دەکاتەوْە،یا بۆ هەندی ووشەی کە پێویستە حەوت لە ژێر و لە سەر دابنرێت ئەگەر پیتچن نەینوسی خۆی ئۆتۆماتیکی بۆی دادەنێت، بۆ نمونە ئەگەر پیتچن بنوسی (خالو ریبوار) کۆمپیوتەر خۆی دەیکا بە ( خاڵۆ ڕێبوار) هەڵبەت هەندی ووشە هەیە دەبی پیتچن خۆی دایبنێت چونکە بە هەردوو شێوە دەخوێندرێتەوە وەکو (پەری ) بە ( پەڕی ) یش دەخوێندرێتەوە. بەڵام پیتچن هیچ کات ناتوانی (دڵ) بە (دل) بنوسی. ئەمەش کاری پیتچنین فرە خێراتر دەکات و هەڵەچنینیش ئاسانتر دەکات، ئێمە ئەو هەوڵانەمان داوە، بۆ مەسەلەی سەرکەوتنیش هەر لە هەوڵ داین لە ڕێگای ( دەزگای ئەنفۆرماتیکی ئێران ) پەیوەندی بە کۆمپانیای (Microsoft) بکەین، بەڵکو بتوانین ئەو بەرنامەیە لەسەر (Word) و (Windows) ە نوێیەکانی داهاتوو بخەنە کار، وەك دەزانین ویندۆز زۆربەی زمانەکانی هەیە، تەنانەت عیبریش. دەمانەوی کارێك بکەین کە لە داهاتووی نزیك بتوانین ویندۆز بە زمانی کوردیش ببینین.

*ئەو بەرنامەیە کەی دەکەوێتە بازاڕ؟*

✓ بۆ مەسەلەی بازاڕ ئەوەندەی نەماوە ڕەنگە تا ئەو کاتەی ئەو ووتووێژە چاپ دەبێت کەوتبێتە بازاڕ،بەڵام دەمەوی ئەوە ڕابگەینم کە ئەو نوسخەیە بگاتە دەستی هەرکەسێك دەبی بە خۆڕایی بگات چونکە مافی هیچ کەسێکی بەسەرەوە نییە و منیش بە خۆڕایی دابەشی دەکەم.

*چۆن بیرتان لەو کارە کردەوە؟*

✓ لە ڕاستیدا بیرم لەوە کردەوە، لە ساڵی ١٨٩٥ ئەلمانیەکان چاپخانەیان داهێنا، دوای سەدساڵ بەرنامەی (Word 6) داهێنرا، و دواتر ئەو ووردە کرایە عەرەبیش، هەر لەو کاتەدا غەدر لە ئێمە کراوە کە ئەو ووشانەی لە کوردیدا هەن لە هیچ بەرنامەیەك پێشبینی بۆ نەکراوە، من بیرم لەوە کردەوە ئێمە سەدساڵ زوڵممان لێکراوە بەسسە،دەبی کاری بکەین ئەو زوڵمە کۆتایی پی بهێنین. تا ئێستاش هیچ فارسێك یا کوردێك نەیتوانیوە کارێك بکات کە خێرایی پیت چنین هێندە خێرا بکات و تەختە پیتەکەش نەگۆڕی. من ئەو کارەم بە شێوەیەکی ئستاندەر کردوە.



©Kurdistan Net

☐ *پێشنیارت چییە بۆ ئەوانەی ئەو بەرنامەیان پی دەگات؟*

لە راستیدا من پێم خۆشە لە ڕێگای ئەو دیمانەیەدا دەنگم بگاتە ئەو کوردانەی کە کار بەو بەرنامەیە دەکەن لە کەم و کوڕیەکانی ئاگادارم بکەنەوە.یا لە ڕێگای ئیملی **K_shareef@hotmail.com** یانیش بە ئەدرەسی پۆستەی (ایران – سنندج – آموزش و پرورش ناحیە ۱ – دبیرستان دخترانە هدی ) هەروەها داوام لەو کەسانە ئەوەیە کە لە بواری کۆمپیوتەردا پسپۆرن و شارەزان، لەگەڵ ئەوەی ئەو بەرنامەیان گەیشتە دەست شرۆڤەیەکی زانستی بکەن و بزانن کەم و کوڕیە زانستیەکانی چین و لەگەڵ چ دەزگایەکی کۆمپیوتەر یا بەرنامەیەکی کۆمپیوتەر ناگونجی یا باش دەگونجيٚ، بۆئەوەی ئێمە لە داهاتووی نزیکدا باشترین کار، بە تەواوترین شێوە پێشکەشی هاوزمانانمان بکەین لە هەموو جیهاندا.هەروەها داوایەکم لە هاوزمانانی پسپۆرانی کۆمپیوتەر لە دەرەوەی کوردستان هەیە بە تایبەتی لە ئەوروپا،کە ئەگەر دەتوانن پەیوەندی بە کۆمپانیاي(Microsoft)ەوە بکەن بۆ ئەو مەبەستەی کە پێشتر باسم کرد، بۆئەوەی زوتر و خێراتر بتوانین کارەکە بەرەو پێش ببەین و سەرکەوتنی باشتری تێدا بەدەستبهێنین.

☐ سوپاس بۆ ئەوەی ئەو دەرفەتەتان رەخساند.

✓ سوپاس بۆ ئێوە کە بەسەرتان کردینەوە، ئومێدەوارم ئەو چاوپێکەوتنە ببێتە دەرگایەك بۆ پەیوەندیم بە پسپۆر و شارەزا کوردەکان و ئەوانەی ئەو بەرنامە کۆمپیوتەرییە بە کار دەهێنن، هەربژین.

©Kurdistan Net